# بڵاوبونەوەی نەسرانیەت بە شمشێر

دکتور: جەعفەر شێخ ئیدریس.. سەرۆکی زانکۆی ئەمریکی کراوە.
وەرگێڕان: صلاح ستار.

بابای فاتیکان ئەو قسە بێ لایەق نزمەی لە ئیمبراتۆری بیزەنتەوە نەقڵ کرد کاتێك بە گومانی خۆی ئیمبراتۆر لە گفتوگۆی نێوان خۆیی و ئەو کەسدا وتویەتی کە دەڵێت: «دلني على شيء جاء به محمد كان جديداً، ولن تجد إلا أشياء شريرة وغير إنسانية مثل أمره بأن تنشر العقيدة التي جاء بها بالسيف. إن الله لا تسره الدماء، ولا تسره التصرفات غير العقلية». (شتێکم پێ ئاشنا بکە تازە بێت و موحەممەد هێنابێتی، هیچ نابینی تەنها چەند شتانێکی شەڕخواز و نامرۆیی نەبێت وێنەی فەرماندانی بە بڵاوکردنەوەی ئەو بیروباوەڕەی پێی هاتووە بە شمشێر. بە ڕاستی خوا خۆشی لە خوێن نایەت و پێی خۆش نییە، وە خۆشیشی لە هەڵس و کەوتنی نائیریبیانە نییە).
وتم: سبحان الله! ئەمە وەك ئەو پەندە وایە کە دەڵێت:دەردەکەی فڕێدایە سەر من و لەکۆڵ خۆی کردەوە، ئایا خەڵکی بەرخوردیان لەگەڵ خاوەن ئاییینێکدا کردووە دوورتر لە عەقلانیەت و ڕۆچووتر لە خوێنی خەڵکی و ستەم و زوڵمی بەندەکان لەوانەی خۆیان پاڵداوەتە ئەو ئاییینەی ناوی دەنێن بە مەسیحیەت؟
روەك زۆرێك لە موسڵمانەکان و ناموسڵمانەکانیش پەرچیان دایەوە(1) منیش وەڵامی ئەو بێڕێزی و مندالبازاڕیەم دایەوە کە لە وتارەکە بابادا هاتبوو، ڕوونمان کردەوە کە ئەو جەنگانەی موسڵمانەکان کردویانە جەنگانێك بوون دژی زوڵم و ستەم، ستەم بە هەموو جۆرەکانیەوە، ستەمی دەستدرێژیکەرانی سەر موسڵمانان، ستەمی ئەوانەی بەربەستن لە بەردەم بڵاوکردنەوەی ئاییینی خوادا، ستەمی ئەوانەی پەیمان و ڕێکەوتننانەمەکانیان لەگەڵ موسڵمانەکان شکاندووە، شەڕی موسڵمانان بەهیچ جۆرێك جەنگێك نەبووە بۆ تاکو بە زۆر ئیمان و باوەڕ بخەنە دڵی هیچ کەسێکیەوە لە دنیادا. ڕوونمان کردەوە کە هیچ کاتێك موسڵمانەکان هەوڵی ئەوەیان نەداوە بە زۆر ئیمان پسەپێنن بەسەر خەڵکیدا، چونکە لە ئاییینەکەیانەوە ئەوەیان زانیوە کە ئیمان و باوەڕ مەسەلەیەکە پەیوەستە بە دڵ و باوەڕبوونی دڵی هەرکەسێکەوە، وە هیچ کەسێك دەسەلاتی نییە بەسەر دڵی بەندەکاندا.

بەڵام ئێمە لەم نووسراوەماندا پێمان خۆشە بە بابا بڵێین: باشترو شایەنتر بوو کە قسەی لەو توندوتیژییە بکردایە کە هاورەگەزو هاوڵاتیانی ڕۆژئاوایی خۆی بە درێژایی مێژووی خۆیان بۆ زۆرەملێ و بەسەرداسەپاندنی ئایین و ڕۆشنبیرییان بەسەر خەڵکیدا بەکاریان هێناوە. ناشمەوێت لێرەدا وەك ئەو کە بۆ سەلماندنی بوختانەکەی بەڵگەی بە کەسێکی قین لە دڵی دڵرەقی رووخاوی قەومەکەی خۆی هێنایەوە ئێمەش هەروا بکەین، لێرەدا ئێمە بەڵگەو گەواهی بە قسەی هیچ موسڵمانێك ناهێنینەوە، بەڵکوو گەواهی و شایەتی بە قسەی ناموسڵمانەکان دێنینەوە و دەڵێین:

یەکەم: ئەوەتە مێژوونووسی بەناوبانگ کیرن ئارمسترۆنگ (Karen Armstrong) وەڵامێك لەسەر وتارەکەی بابا دەنوسێت ڕوونی ئەکاتەوە کە:

1. لافلێدان و گومانی پیاوانی فاتیکان بەوەی کە مەبەستی بابا بە وتارەکەی ئەوە بوو کە «گەشە بدات بە ئاراستەی ڕێزگرتنی ئایینەکان و گفتوگۆ سەبارەت بە ئایین و ڕۆشنبیرییەکانی دیکە، کە شتێکی بەڵگەنەویتیشە سەبارەت بە ئیسلام»، شتێکی ڕوون نییە لە قسەکانیداو مانایەکی ڕۆشن نادات بە دەستەوە، ئەم قسەیەی بابا هەروەك پەیامی ئەو هاوئایین و ڕەگەزەی خۆیەتی کە لە سەدەی دوازدەدا پەیامێکی ئاراستەی موسڵمانان کردووەو بەم شێوە دەست پێ دەکات و دەڵێت: «من ئەمەوێت بە وشە پەیوەندیتان پێوە بکەم نەك بە چەك، بە ژیری نەك بە توندوتیژی، بە خۆشەویستی نەك بە ڕق لێبوونەوە». بەڵام سەردێڕی ناونیشانی پەیامەکەی بەم جۆرە نووسیوە: «کورتەی هەرتەقە(لەدین دەرچوون)ی شەیتانیی هەموو عەرەبەکان» لەوێدا قسەی کردووە لەسەر«دڵڕەقی و توندوتیژی ئاژەڵیانەی ئیسلام» وە لافی ئەوەی لێداوە کە موحەممەد بە شمشێر جێی ئایینەکەی خۆی کردۆتەوەو بڵاوی کردۆتەوە، وە پرسیار دەکات و دەڵێت: «ئایا بەڕاستی موحەممەد پێغەمبەرە»؟ پرسیار دەکات و پاشانیش خۆی وەڵام دەداتەوە«کەمتر ئەبم لە گوێدرێژ ئەگەر موافقی بم و باوەڕم وابێ، کەمتر ئەبم لە ئاژەڵ ئەگەر دانی پێدا بێنم». جا ئایا ناونیشان و ناوەڕۆکی نامەکە بە یەکەوە کۆ دەبنەوە؟!
2. ئەم مێژوونووسە کە خاوەنی کتێبی «کورتەیەك لە مێژووی ئیسلام-Short History of Islam»ە نکولی ئەکات لەوەی کە ئیسلام بە شمشێر بڵاو بوبێتەوە.
3. یادی بابا دێنێتەوە کە «هەندێ لە خاچپەرستە سەرەتاییەکان گەشتەکەیان بۆ (بیت المقدس) بەسەربڕینی هەموو ئەو کۆمەڵە

جوولەکانەی نیشتەجێی ئەمبەروبەری ڕووباری ڕاین بوون دەست پێ کرد، ئەوان پاش ئەوەی لە ساڵی 1099 زاینییدا 30 هەزار موسڵمان و جوولەکەیان لە قودس دا سەربڕی ئەوجا کۆتاییان بە جەنگی پیرۆزی خاچپەرستی خۆیان هێنا».

دووەم: سەرۆکی بزوتنەی ئاشتیخوازی ئیسرائیلی (یوري أفنيري(2) Uri Avnery) –کە وەسفی خۆی دەکات بەوەی کە جوولەکەیەکی مولحیدە- وەڵامێکی زانستیانەی لەسەر بابا نووسیوە و چەند مەسەلەیەکی خستۆتە بەر باس:

1. ئەو گفتوگۆیەی کە بابا لافی بۆ لێ دەدات کارێکی گومانلێکراوە، وە ئیمبراتۆر ناوی ئەوکەسەمان بۆ ناهێنێ کە گفتوگۆکەی لەگەڵدا کردووە.
2. ئیمبراتۆر عەمانوئیلی دووەم کە لە ساڵی 1391دا حوکمی گرتۆتە دەست، لەسەر ئیمبراتۆریەتێك دانیشتووە کە لە گیانەڵادا بووە؛ چونکە کەمەکێك نەبێ لە شارو شارۆچکەکانی بە دەستیەوە نەمابوون، وە ئەم کەمەش کە مابوو خرابووە ژێر هەڕەشەی تورکەکانەوە.
3. لە ڕۆژی 29 مایۆ ساڵی 1453 و پاش چەند ساڵێك لە مردنی ئەم ئیمبراتۆریەتە پایتەختەکەی قوستەنتینیە (ئیستانبول) کەوتە دەستی تورکەکان و ڕووخا.
4. لە کاتی حوکمدارێتیدا ئەم ئیمبراتۆرە بە هەموو ئەورووپادا دەهات و دەچوو تاکو ئەورووپییەکان قەناعەت پێ بکات لە دەوری کۆ ببنەوە بۆ دژایەتیکردنی تورکەکان، تاکو جەنگێکی خاچپەرستی نوێ دەست پێ بکات، پەیمانی ئەوەشی پێدان کە ئەگەر لە ڕیزی بوەستن و بێن بە دەمیەوە هەموو کەنیسەکان یەك دەخات و جیاوازی نێوانیان ناهێڵێت. کەواتە ئەم نامەیەش کە لەم کاتەدا نووسراوەو بۆ مەبەستێکی سیاسی بووە.
5. وتارەکەی بابا بەنەدێکتی شازدەش هەروەها لە خزمەتی ئیمبراتۆری نوێ جۆرج بوش دا بوو کە هەوڵ و تەقەلایەتی بۆ یەکخستنی جیهانی نەسرانی دژی بەرەی شەر کە زۆربەیان موسڵمانانن، وە دژی هاتنی تورەکەکانیش بەرەو ئەورووپا.

6. مەسەلەی مامەڵەی موسڵمانەکان بۆ خاوەن ئایینەکانی دیکە پێویستە بخرێتە ژێر فەرمانی پرسیارێکی سادەوە: چییان پێ کردن کاتێك لە توانایاندا بوو بە زۆر ئیسلامەتیان بەسەردا بسەپێنن؟ هیچ

شتێکیان لەم بارەیەوە لەو خەڵکەی ژێر دەستی خۆیان نەکردووە. موسڵمانەکان بۆ ماوەی چەند سەدەیەك حوکمڕانی یۆنانیان کردووە؛ دەی ئایا یونانیەکان بوونە موسڵمان؟ لە ڕاستیدا لە کاتی دەسەڵاتی تورکەکان لە یۆناندا نەسرانیەکان گەیشتنە پلەو دەسەلاتی زۆر گەورە. بولغاریەکان و صرب و ڕۆمانیەکان و هەنگاریەکان و گەلانی تری ئەو ناوچەیەش هەموو لە یەك کاتدا لە ژێر حوکمڕانی تورکەکاندا دەژیان بێ ئەوەی هیچ کەسێك زۆرییان لێ بکات بۆ گۆڕینی ئایینەکەیان و سەپاندنی ئیسلام بە زۆر بەسەریاندا، بۆیە لەسەر ئایینی نەسرانی خۆیان هەر مانەوە.

7. لە ساڵی 1099 خاچپەرستەکان زاڵبوون بە سەر قودس دا و موسڵمان و جوولەکەی دانیشتوانی قودسیان سەربڕی، بەڵام پاش 400ساڵی حوکمی ئیسلامی دوای ئەوان ئێستەش نەسرانیەکان زۆرینەن لەوێدا.
8. هیچ بەڵگەیەك نییە بە هیچ شێوەیەك کە ئیسلام بەزۆر بەسەر جوولەکەدا سەپێنرابێت. هەروەك زانراویشە کە جوولەکە لە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامیدا لە ئیسپانیا ئەوەند خۆشنوودو بەختەوەورو خۆشگوزەران بوون وێنەی نییە تەنها مەگەر لەم ڕۆژگارەی ئێستەیاندا نەبێت. لەو سەردەمەدا نووسەرو شاعیرو وەزیر و زانا بوون، سەردەمی زێڕینی جوولەکە ئەو کاتە بوو، دەی چۆن ئەمە ڕوو ئەدات ئەگەر پێغەمبەر فەرمانی دابێ کە ئیسلام بە زەبری شمشێر بڵاو بوبێتەوە؟
9. کاتێك کاسۆلیکەکان دەسەڵاتیان گرتەوە بەسەر ئەندەلوس دا سەردەمێکیان لە ترس و بیم و تۆقاندنی ئایینی دەست پێ کردەوە؛ ئەوە بوو کە جوولەکەو موسڵمانەکانیان سەرپشك کردو سێ خاڵیان خستنە پێش دەم: یان دەبێ ببنە نەسرانی یان ملیان لێ دەکرێتەوە یان وڵات بە جێ بێڵین؛ پرسیار لێرەدا ئەوەیە: بۆ کوێ چوون ئەو جوولەکانەی ئایینی خۆیان هەڵبژارد و وڵاتیان بەجێ هێشت؟ کۆچیان کرد بۆ جیهانی ئیسلامی، هەر لە ڕۆژئاوای وڵاتی ئیسلامی لە وڵاتی مەغریب تاکو عێراق لە ڕۆژهەڵاتەوە، بۆ بولغاریا (کە سەر بە تورکیا بوو) لە سەرەوە، بۆ سۆدان لە خوارو مانەوەو نیشتەجێ بوون.
10. هەر جوولەکەیەکی دڵسۆز بەمێژووی نەتەوەکەی ناتوانێت ئەو چاکەو عیرفانەی موسڵمانان لە بیر بکات و نکولی لێ بکات کە بۆ ماوەی پەنجا پشت جوولەکەیان پاراست، لە کاتێکدا جیهانی مەسیحی ئەشکەنجەی ئەدان و بە زۆرو زەبری شمشێر وازی پێ لە ئایینەکەیان دەهێنا.

سێیەم: بە ڕاستی بەکارهێنانی نەسرانییەکان بۆ توندوتیژی لە سەپاندنی ڕۆشنبیری خۆیان بەسەر گەلانی تردا بە کۆتایی هاتنی سەدەکانی ناوەڕات کۆتایی نەهات، بەڵکوو تاکو ئەمڕۆش هەر کارێکی بەردەوامە و پیادەی دەکەن. گوێ لە (هنتنجتون) بگرە چۆن بە شێوەیەکی زۆر ڕاشکاو و سەرسوڕهێنەر لە کتێبەکەیدا (ململانێی شارستانیەتەکان-صراع الحضارات) دان بەم ڕاستیەدا دەنێت:

«ڕۆژئاوا بە هۆی سەرکەوتنی هزرو بیرو بەهاو ئایینەکەی نەبوو کە زاڵ بوو بەسەر جیهاندا (کە تەنها کەمەکێك لە شوێنکەوتەی ژیارەکانی تر وەریان گرتووە)، بەڵکوو بە هۆی زاڵبوونیەوە بووە بە توندوتیژییەکی بەرنامەڕێژ، ڕۆژئاواییەکان زۆرجار ئەم ڕاستییەیان لەیاد ئەچێتەوە، بەڵام جگە لەوان هەرگیز ئەمەیان لەیاد ناچێتەوە »(2).

چوارەم: هێرش و غەزوی ڕۆژئاوا بۆ سەر جیهان بەبەکارهێنانی ئەم توندوتیژییە بە تەنزیمە کارێکە هەموو خەڵکی ڕۆژئاوا مەگەر کەمەکێکیان نەبێت تیایدا هاوبەش و بەشدارن و ڕێکن لە گەڵی، ئەوەتە ماموستا ئیدوارد سەعید لە کتێبەکەیدا (ئیستیعماری ڕۆشنبیری Cultural Imperialism) باس لەوە دەکات کە ئەمە کارێك بووە هەموویان بە سیاسی و بیرمەندو فەیلەسووف و شاعیرو نووسەر تێایدا بەشدار بوون و لە گەڵیدا ڕێکن، وەك وێنەی نووسەری بەناوبانگ دیکنزو جگەلەویش.

دەڵێم، زۆر جار ئێمە شێتکمان لەیاد ئەچێتەوە کە پاڵپشتی ئەو قسەی ئێدوارد سەعید دەکات ئەویش: هەموو جموجووڵێکی ئیمبرایالیی داگیرکەرانەی وڵاتانی ڕۆژئاوە بۆ جیهان بە کۆمەڵێ بڕیاری دیموکراسی بووە لە هەموو ئەو وڵاتانەدا، بزوتنەوەی ڕاپێچکردنی ئەفریقییەکان بۆ بە کۆیلەکردنیان بە هەمان بڕیاری دیموکراسی بووە، (لە کاتێکدا ئازادکردنیان بە بڕیارێکی دیموکراسی نەبووە وەك فەرید زەکەریا لە کتێبەکەیدا بە ناوی مستقبل الحرية دا باسی دەکات) ئەمە کە ئەوە ئەگەیەنێك زۆربەی نوێنەرانی میللەت لەوانەش ئایینداره‌کان پاڵپشتی ئەم بڕیارانە بوون و لە گەڵیدا هاوڕا بوون.

پێنجەم: ئەوەتە (کیفن فیلیبس Kevin Philips ) کتێبێکی نوێ دەردەکات بە ناونیشانی (ئەمریکای ثیوقراتی)(1) چەند ڕاستییەکی سەرسوڕهێنەر لەمەڕ پەیوەندییەکانی ئایین و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکادا باس دەکات، نەك هەر ئەوە بەڵکوو کاریگەری گەورەی ئایین لەسەر سیاسەتی ئەوروپا بە درێژایی چەند سەدەیەك:

لەو ڕاستیانە:

1. داگیرکردنی ئەوروپا بۆ جیهان بە تایبەت جیهانی ئیسلامی کۆمەڵە پاڵنەرێك یان پاساوێکی ئایینی هەبووە، بەڵکوو پەیوەندییەکێ بەهێز هەبووە لە نێوان فراوانکردنی ئیمبراتۆریەتی ئەو وڵاتانەو بانگخوازە ئایینیەکان«سەیری ئەو مژدەدەرانە بکە کە ناوەکانیان بۆتە سومبوڵی ئیستیعمار: (دیفید لفنجستون) دۆزەرەوە، (جەنرال غردون) کە لە سۆدان سەربڕدرا، وە جەنراڵ هینری هیفلوك» (ل 255).
2. نووسەر لە مژووونووس ئارسەر مارۆك قسەیەك دێنێ کە دەڵێت: «بە ڕاستی گەورە پیاوانی کەنیسە زۆر بە حەماس و گوڕو تینەوە ڕوو بە (جەنگی پیرۆز) هاتن » هەروەها ئەو قسەیەی کە لە قەشەی کاتدرائی سنت جایلز لە ئەدنبەرە نەقڵی کردووە کە دەڵێت: «زۆر بە داخەوە کەنیسە وای لێ هاتووە بۆتە ئامێرێك بە دەستی دەوڵەتەوە، لەزۆر شوێن و میمبەرە ئایینیەکاندا قەشە گرنگی چاودێری سەربازبی دەبینێ کە ئامۆژگاری خەڵکی بکات بەرەو سەربازی بڕۆن و خزمەتی سەربازی وڵات بکەن، وە ئاڵای بەریتانیا لە پانتایی و درێژایی وڵاتدا بەسەر شوێنەکانی عیبادەتەوە دەشەکێتەوە». (ص255).
3. پاڵنەری ئایینیش بۆ بۆش و کۆمەڵەکەی لە سیاسەتی دەرەوەیان بەڵکوو ناوەوەش کارێکی بەڵگەنەویستەو جێگەی گومان نییە لای نووسەر. ئەوەتە دەڵێت سەلمێنراوە کە بوش وتویەتی: «باوەڕم وایە کە خوا بە واسیتەی منەوە قسە دەکات، وە ئەگەر ئەو نەبوایە نەمدەتوانی گرنگی سەرشانم بەجێ بێنم». لە توم دی لای وە دەیهێنێ کە وتویەتی: «خوا لە هەموو شوێنێکدا بەکارم دێنێ بۆ بەرگریکردن لە تێڕوانینی کتێبی پیرۆزی جیهانی لە هەموو ئەو کارانەی دەیکەم و لە هەر شوێنێك بم. بە ڕاستی هەر ئەو ڕامدێنێ و تەمرینم پێ دەکات».
4. کەمێك پێش هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ساڵی 2003 ڕۆژنامەی (نیوزیوك) بابەتێکی نووسی لەمەڕ گەڕانی بۆش لە عەربەدەو سەرسەرێتییەوە بۆ ئایین و پابەندبوونی بە ئایینەوە، باسی کردووە کە هەموو بەیانییەك سەرۆك چەند ئامۆژگارییەکی تەبشیری ئامۆژگاریکەری گەڕۆك ئاوزولد شیمبرز ئەخوێنێتەوە، ئاوزولد قەشەیەکی ئوسکوتلەندییە لە ساڵی 1917ز کۆمەڵێ ئامۆژگاری ئاڕاستەی ئەو سەربازە ئوستورالی و نیوزلەندیانە کردووە کە لە میسر کۆکرابونەوە تاکو لە هەلێکی گونجاودا لەشەوی جێژنی لە دایکبووندا هێرش بەرنە سەر فەلەستین و قودس داگیر بکەن.

5. دوای ساڵێك لە هێرشی سەر عێراق 30 ڕێكخراوی مژدەدەری تەبشیری لە عێراقدا كاریان دەكرد، لە قسەیەكیدا بۆ ڕۆژنامەی (لوس ئەنجلوس تایمز) بەڕێوەبەری ئیداری پەیوەندی مژدەدەرانی نەتەوەیی دەڵێت: «عێراق دەبێتە ئەو بنكەیەی كە لێیەوە پەیامی عیسای مەسیح بڵاو دەبێتەوە بۆ ئێران و لیبیاو هەموو شوێنێكی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست». وە بەرپرسێكی تر لە ڕێكخراوێكی دیكە دەڵێت: بارودۆخی عێراق: «جەنگێكە لە پێناوی ڕۆحدا». لەبەر ئەوە لە ماوەی دوو ساڵدا حەوت ڕێكخراوی تەبشیری تەنها لە بەغدادا بڵاو بۆوە.

دەڵێم: ئەوەی ئەمڕۆ لە عێراقدا ڕوو دەدات كارو پیشەی بەردەوامی بزوتنەوەی ئیمبریالی بووە هەر لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆش، بەردەوام هێزی سەربازی پارێزەو پاڵپشتی ڕێكخراوە تەبشیرییەكان بووە. ئەمە لە سۆداندا ڕوویدا كاتێك ڕێكخراوە تەبشیرییەكان لە خوارووی سۆداندا بڵاو بونەوەو ئەوە ڕووی دا كە ڕووی دا، وە ئێستەش وا لە دارفۆردا بە هەمان شێوە بڵاو دەبنەوە.

وە دەڵێم: ئەگەر هەموو ئەمانە بڵاو بوونەوەی مەسیحیەت نەبێت بە شمشێر، ئیتر نازانم مانای بڵاوبونەوە دین بە شمشێر چییە؟ ئێمە لە ڕابوردوا پاڵنەری ئایینمان لە سیاسەتی دەرەوەی ڕۆژئاوادا بە كەم دەگرت، وامان ئەزانی –وەك لە ڕووكەشدا وایە- كە تەنها كۆمەڵە تەماعێكی ئابوری و سیاسییە و هیچی تر، بەڵام دڵخۆشیمان ئەوەیە كە تا ماوەیەكیش لەمەوبەر زانایانی سیاسی و مونەزیرەكانی ڕۆژئاوا خۆشیان گومانیان وا بوو وەك خاوەنی كتێبەكە دەڵێت، هەتا توندڕەوی و ڕۆچوونی بۆش بە ئاگای هێنانەوە كە كارەكە بەو شێوە نییە ئەوان گومانیان بۆی چووە، وە ئەگەر بۆش لەم كارەدا ڕۆچوبێت و زیادە ڕۆیشتبێ، ئەوە ئەو یەكەم كەسێك نییە دەستی پێ كردبێت، بەڵكوو ئەمە كارێكە و سیاسەتی ڕۆژئاوایی لەسەر ڕۆشتووە بە درێژایی تەمەنی بە تایبەت لەوەی كە پەیوەندی بە جیهانی ئیسلامییەوە هەیە.

جا ئیتر چی دەبێت دوای ئەوەی بە ئاگا هاتینەوە حەقیقەت و ڕاستیەكەمان زانی؟

---

(1) زۆرێك لەو وڵامانە لەم پێگەیەدا بەدی دەكەیت: .ncsfp.com.

(1) Uri Avnery is an Israeli author and activist. He is the head of the Israeli peace movement, "Gush Shalom". http:// zope.gush-shalom.org/home/en

(2) Huntington, Samuel, The Calsh of Civilizations, Simon & Schuster, 1997, p 53]

, American Theocracy, Viking, 2006.Philips(1) Kevin